## زەماوەندێک لە مانچستەر ... عەتای مەلا کەریم



ڕۆژی 3 ی سێپتەمبەر ڕۆژی فیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی بوو لە مانچستەر. لەوێدا بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆری هونەردۆست و کوردپەروەر زەماوەندی کورتە فیلمی کوردی بە سەرپەرشتی کۆمپانیای شانۆی جیهانی World Theatre Co گێڕرا.
بێجگە لە پێشکەشکردنی ژمارەیەکی بەرچاو کورتە فیلم بە میوانە کوردو بیانیەکان گەلێک چالاکی هونەری گۆرانی و میوزیک و سەماو هەڵپەڕکێش پێشکەش کرا لەلایەن کۆمەڵێک هونەرمەندی کارامەوە. هێڤی خان و کاک هیواو کاک لوقمان و هونەرمەندی میوان Sheila Moaley کە بە کوردی و بە ئینگلیزی دوو گورانی جوانی چڕی، بە دەنگە خۆشەکانیان زەماوەندەکەیان کردبوو بە زەماوەندێکی تەواو.
گروپی هەڵپەڕکێی شانۆش بە پێشکەشکردنی هەڵپەڕکێی کوردی بە شێوەیەکی مۆدێرن و سەردەمیانە زەماوەندەکەیان ئەوەندەی دیکە ڕازاندبووەوە.
من نامەوێت لێرەدا یەک یەک باسی ئەو کورتە فیلمانە بکەم کە پێشکەشکران و دەستبکەم بە هەڵسەنگاندنیان، بەڵام ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجی من بوو ئەو هەموو حەماس و گڕوکوڵە کوردانەیە بوو بەرانبەر ناوبردنی کوردستان و کەرکوک و ئەو چەپڵە لێدانە بوو کە نەک هەر بە دەست بەڵکو بە قاچیش خەریک بوو شانۆکە هەڵدەتەکی بۆ گوتەی " پێویستە ناوی کوردستان لە عێراق داببڕین! کە لە فیلمی "گەڕانەوە بۆ کەرکوک" دا هاتبوو.
چەند فیلمێکی کوردستانی خۆرهەڵات بەشداری ئەو فیستیڤاڵەیان کردبوو بە فیلمە جوانەکانیان زەماوەندەکەیان دەوڵەمەندتر کردبوو.
شایانی باسە کە کاک ئالان ئەمین بەرنامەکانی دەبرد بەرێوەو کەناڵی ئازیزی کوردساتیش لەوێ بوون، بەڵام بە هۆی کەمی ماوەی بەرنامەکەو زۆری دۆست و ناسیاوانی خۆیانەوە نەیانپەرژایە سەر کەسی دیکە؛ ئەم دیاردەیەش بەشێکە لە کولتوری کوردەواری و پاراستنی پێدەچێت پێویست بێت.
لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش دەستخۆشی لە هەموو بەشداربوانی ئەو فیستیڤاڵە دەکەم و هیوای بەردەوامی و بەرەوپێشچونی زیاتریان بۆدەخوازم. زۆر سوپاسی کاک هیواو هێڤی خان و کاک ڕێبوار دەکەم کە بانگهێشتیان کردین بۆ ئەو زەماوەندە.